ئەمریکا لەناوبردنی چوارفڕۆکەی بە فڕۆکەوانی حوسیەکانی راگەیاند



فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا بەربەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، هێزەکانیان سەرکەوتو بون لە لەناوبردنی چوار فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە سەر بە میلیشیای حوسییەکان بون لە یەمەن.

فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا کە لە هەژماری خێدا لەسەر پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردوەتەوە، دەڵێت، "دیاریکراوە کە ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە نوێنرایەتی هێرشێکی نزیک دەکەن بە سەر ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان و کەشتیە بازرگانییەکانی ناوچەکە".
ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەو ڕووشوێنانە بە پاراستنی ئازادی کەشتیوانی و پاراستنی ئاوە نێودەوڵەتییەکان و کەشتیە ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان و بازرگانییەکانە لە دژی هێرشی حوسییەکان".